## کێکی عید میلاد + 7 هەزار دینار بەرامبەر دانیشتنت لە یادی ئەنفال.... رزگار کۆچەر

لە بەرواری 2006/7/30کۆمەڵەی گۆری بەکۆمەڵ و ئەنفالەکانی کوردستان بە هاوکاری بەرنامەی کۆمەڵگای مەدەنی عێراقی بە نیاز بوون کۆرێکی گەورە وەک خۆیان لە دواتەکە نوسیویانە ئەنجام بدەن و هەندێک لە وەزیرەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بانگێش کرابوون تا بەشدار بن لەم مەراسیمە شکۆدارە بەلَام وەک لەم کۆرە بۆم دەردەکەت زۆربەی رێکخراو ngo کانی کوردستان ئەوەندەی مەبەستیانە ریکلام و پرو پاگندە و دەست کەوت بۆ خۆیان دەستە بەر کەن ئەوەندە مەبستیان نیە خزمەت بکەن....
بۆیە وەک کەسێک کە ئاگاداری بەرێوەبردنی ئەم کۆرە بووم کە بریار بوو مەراسیمێکی گەورەی بۆ بکرێت چەند تێبینیەک باس دەکەم...

1. بریار بوو کۆرەکە لە کاتژمێر 10 ی بەیانی ئەنجام بدرێت بەڵام وەک هەندێک لە بەرێوەبەرانی کۆرەکە دەم نادەمێک لە پێش خۆیان دەیان گوت ئاخر جی بکەین موعیدی کورد کەی راسست بوە ناچار کۆرەکە لە کاتژمێر 12 کەم جارەکی پێش نیوەرۆ ساز کرا.... .
2. بریار بوو سی وەزیری حکومەتی یەکگرتوی هەرێمی کوردستان لە کارەکانی بەرێوەبردنی کۆرەکە ئامادە بن بەڵام وەک دەرکەوت نە وەزیری کاروباری شەهیدان وئەنفال کراوەکان نە وەزیری کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم بە ژداری مەراسیمەکە نەبوون گەر هەڵە نەبم وەزیری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم نوێنەرێکی لە جیات خۆی ناردبوو... !!!!!!!!!!
3. موشکیلەی ئێمە نازانین جۆن یادی مەراسیم دەکەینەوە خەڵکی لە مەراسیمە ناخۆش و پرخەمەکان مۆم پی دەکەن مۆم دەکوژێنەوە کەجی ئێمە کێکی عید میلاد شەق دەکەین ئاخر پێم ناڵێن ئەم هەموو کێکی عید میلاد بۆ جی.... ؟؟؟؟ ئاخر ئەنفال و قسە کردن لەسەر ئەنفال کراوەکان کەی ئەم هەموو مەسروفەی دەوێت گەر مەبەستان بایە دەکرا تەواوی خەرجی ئەم کۆرەتان بۆ بنەماڵەی ئەنفال کراوان بەخش کردبا ئینجا دیقەتان دابانایە دەتان زانی چەندە دلخۆش دەبوون؟؟؟؟؟
4. تا بەرێوەجونی نیوەی کۆرەکەش ژمارەی ئامادە بوان خۆی لە 15 کەس تی نەدەپەری لە ناکاو هۆڵەکە پر بوو لە گەنج و گیژۆلەی تەمەن 13 سالی.... گوێم لە کورێک بوو دەی گۆت کورە حەز دەکەی تا ئێوارە لێرە دادەنیشم ئیش و کارم جیە خۆ نانێکی جاک و پاقلاوە و کێکی عید میلاد و 7 هەزار دیناری خۆم وەردەگرم بێجگە لەوەی یەک لە میوانەکان خزم و کەس و کاری هەموو هێنا بوو!!!!!!

ئیمرۆ مەراسیم کردن بۆ یادی ئەنفال پرسێکی ئەوەندە گەورەیە لەبەر چەند هۆیەک کە گرینگ ترینیان خۆی لە نزیک بونەوەی دادگایی کردنی سەرانی رژێم دەبینێتەوە بۆیە گێرانی ئەم جۆرە کۆرانە ئامادە بونی کەسانی پسپۆرو شارەزای دەوێت نەک ئەوەی بی و خۆی لە ژووری کا تا کێکی عید میلاد بخاواو 7 هەزار دینار وەرگرێت و بیرو هزریشی لە دۆزینەوەی ئەم جۆرە کاسبیانە بێت و کە جوە دەروەش گالتەی بە ئەنفال و ئەنفال کراوەکان بێت ئاخر پێم ناڵین کە دەتانەوی یادی قوربانیانی رێگای رزگار نەتەویی گەلی کورد بکەن دە برۆن خیرتان دەگاتی بە بنەمالەکانیان بلێن جەندتان بە جەند پێویست بە شکاندنی کێکی عید میلاد ناکات... ئەمە کەلتوری ئەنفال جیەکانە.... . کێک شکاندن حافیەتان بێت

Rzgar77@hotmail. com